Kurdistan parliament -Iraq
Kurdistan-hawler

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان ـ هەولێر

No:
Date:

ژمارە:
بەروار: 2014/12/18

ژمارە ٢٤٥٦
٢٠١٤/١٢/٢١

کاروبار

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق

بابەت /پرۆژەی یاسا

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژۆمان کردووە، پێشنیاری پرۆژە یاسای(دانانی نۆرینگەی پزیشکی ددان لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان)پێش کەش دەکەین بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان و گفتوگۆ کردن لەسەری و دانی بڕیاری گونجاو.

لەگەڵ ڕێزماندا.

| ز | ناوی پەرلەمانتار | واژۆ |
|---|---|---|
| ١- | شکریە اسماعیل مصطفى | |
| ٢ | لطیفە لطیف | |
| ٣ | (مروان گەلالی) حسین اسماعیل حسین | |
| ٤ | هەورمان گەچینەی | |
| ٥ | سوزان عمر | |
| ٦ | فخرالدین قادر | |
| ٧ | حمزە عثمان عمر | |
| ٨ | عبدالرحمن علی رضا | |
| ٩ | د. جوان اسماعیل عزیز | |
| ١٠ | زانا عبدالرحمن عبدالله | |
| ١١ | نزیرە شیخوانی | |
| ١٢ | شیلان فائق | |

| | | |
|---|---|---|
| ١٣ | سهام محمد قادر | |
| ١٤ | كمرالت هادي مغي | |
| ١٥ | د. يسرى صالح حميد | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |

## پڕۆژەی دانانی نۆرینگەی پزیشکی ددان لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دەستەواژە واتاکانیان بەرامبەریانە:

١- هەرێم : هەرێمی کوردستان - عێراق

٢- وەزارەت : وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان

**ماددەی دووەم:**

لە سەرجەم قوتابخانە بنەڕەتیەکان عیادەیەکی بچوکی ددان دەکرێتەوە وە ژوورێکی گونجاوی بۆ تەرخان دەکرێت، سەرجەم پێویستیەکانی چاك کردنی ددانی بۆ ئامادە دەکرێت، پزیشکێکی ددان و یاریدەدەرێك تێیدا کاردەکەن.

**ماددەی سێیەم:**

بەشێك لەوەزارەتی تەندروستی پێك دەهێنرێت بۆ دانان وسەرپەرشتی کردنی عیادەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان .

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجی بکەن .

**ماددەی پێنجەم :**

کار بە هیچ دەقێکی یاسای یان بڕیارێك ناکرێت، لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت .

**ماددەی شەشەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) جێ بەجێ دەکرێت .

## هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە:

لە پێناو گرنگی دان بە دەم وددان وتەندروستی جگەرگۆشەکانمان، وە دابین کردنی چارەسەریە فریا گوزاریەکان، ئاشنا کردنی جگەر گۆشەکان بە ژینگەی پزیشکی ددان و هۆشیار کردنەوەیان بۆ ڕێگا گرتن لە چارەسەر کردنە ئالۆزەکان گێڕانەوەی کات و سەرقاڵ نەبوونی دایك و باوك، دۆزینەوەی کار بۆ پزیشکانی ددان و سوود وەرگرتن لە وزەو تواناو شارەزایان ئەم یاسایە دەرچوێندرا .